**ناوەندی کوردانی ئەمەریکا**

**Kurdish American Center**

**P.O. Box 376**

**Smyrna TN 37167**

**usa.kac01@gmail.com**

---

**١/٨/٢٠٢٥**

## یەکەمین کۆنفرانسی ناوەندی کوردانی ئەمەریکا

## کۆنفرانسی بونیاتنان

## هاودەنگی ، هاودەمی ، هاوکاری

**بابەت / ڕاپۆرتی کۆتایی**

**ناوەندی کوردانی ئەمەریکا یەکەمین کۆنفراسی خۆی ساز کرد ، بە مەبەستی دارشتنەوەی پلان و بەرنامە ، گۆڕینی ناو ، داڕشتنەوەی کارنامە ، لە کۆبوونەوەی گشتی لە بەرواری ٩/٥/٢٠٢٥ بە بەشداری زۆرینەی ئەندامان دوای گفتوگۆ و سەرنج و تێبینی بەشداران بە زۆرینەی دەنگ ئەم ڕێکارانە ئەنجام دران :**

**١-ناو کرایە( ناوەندی کوردانی ئەمەریکا ) – Kurdish American Center (KAC)) بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا ،لەنێوان ناوەکانی( کۆمەڵەی ڕەوەندی کورد لە ئەمەریکا )(ناوەندی کوردانی ئەمەریکا )(کۆمەڵەی کوردانی ئەمەریکا )**

**٢-دیاری کردنی لیژنەیەک بۆ نووسینەوە و هەڵسەنگاندنی کارنامە وەک پەیرەوێکی سەرەتایی ڕێکخراوەکە لە هەریەک لە بەرێزان ( کاک جەلیل ئازادیخواز ، کاک خەسرەی ئەڵماسی ، کاک ئاسۆ جەبار ، کاک سالار سیوەیلی، کاک ئومێد سیوەیلی ) ، ئامادەکردن و نووسینی کارنامەکە سپردرا بە کاک**

نەوزاد بۆتانی ، دوای نووسینی لەلایەن لیژنەکەوە گفتووگۆی لەسەر کرا، سەرنج و تێبینیەکان بەهەند وەرگیرا دەستکاری کرا و کۆتا کارنامەی پەسەندکراوی لیژنەکە لەکۆبوونەوەی گشتی لە بەرواری ٢٢/٦/٢٠٢٥دوای خوێندنەوەی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا بەفەرمی بووە پەیڕەوی ناوەند .

٣-(لۆگۆی) ئاڕمی فەرمی ناوەند لەلایەن کاک ئازاد بۆتانی ئەندامی ناوەندەکەوە دروست کرا ، دوای وەرگرتنی ڕای زۆرینە ،بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا .

٤- هەیکەلی ڕێکخراوەیی بەپێی کارنامە لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن کە پێکدێت لە : سەرۆک ، سکرتێر ، وتەبێژ ، بەشەکانی دارایی ، پەیوەندیەکان،ڕاگەیاندن ،کارگێری .

لیژنەیەک پێکهێنرا لە هەریەک لە بەڕێزان ( گەزیزە خان ، کاک خەسرەی ئەڵماسی ، کانی خان ، کاک ئومێد سیوەیلی ، کاک ئاسۆ جەبار ) کە ئەرکی هەڵبژاردن و کات و شێوازی هەڵبژاردن دیاری بکەن ، دوای چەندین کۆبوونەوە وگفتو گۆ ، بلاوکردنەوەی کۆنووسی کۆبوونەوەکان بۆ ئەندامان و گفتوگۆ لە کۆبوونەوەی گشتی مانگانە بە بەشداری زۆرینەی ئەندامان ، ڕۆژی یەک شەممە بەرواری ٧/٢٠/ ٢٠٢٥ وەک رۆژی هەڵبژاردن دیاری کرا و ئەندامان ئاگادار کرانەوە بۆ ئەوەی خۆیان بەربژێر بکەن بۆ دەستەی بەڕێوەبردن هەریەک لە :

١-نەوزاد بۆتانی بەربژێر بۆ سەرۆکی ناوەند

٢-جەلیل ئازادیخواز بەربژێر بۆ وتەبێژی ناوەند

٣- خەسرەوی ئەڵماسی و ئومێد سیوەیلی بۆ پەیوەندیەکان

٤-بەهار سوڵتانیان و کانی سابیر سکرتێر

٥-سالار سیوەیلی کاندید بۆ بەشی دارایی

ئامەدەیی خۆیان ڕاگەیان لە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی لە دەستەی بەڕیوەبردن تا ڕۆژی هەڵبژاردن ، هەڵبژاردن بە ڕاستەوخۆ دەبێت بۆ ئەو ئەندامانەی دەتوانن بەشدار بن لە کۆبوونەوە ، بە ئەلیکترۆنی بۆ ئەوانەی ناتوانن بەشداربن بەهۆی سەفەر و کار یان هەر هۆکارێک ، لە ڕۆژی یەك شەممە رێکەوتی ٢٠/٧/٢٠٢٥ هەڵبژاردن لە ڕێگەی زوومەوە بەرێوەچوو بە بەشداری ١٢

ئەندام پاشان لە لایەن بەهار سوڵتانیان هەڵبژاردنی ئەلکترۆنی سازکرد لە پێگەی تایبەتی ناوەندی کوردانی ئەمەریکا دانرا ، تا ئەندام دەرفەتی بەشداریان هەبێت ، ماوەی ٢٤ کاتژمێر دیاری کرا تا ئەندامان دەنگ بدەن ١٢ ئەندام بەشداری پرۆسەکەیان کرد واتە لە کۆی ٣١ ئەندامی ناوەندی کوردانی ئەمەریکا ، ٢٤ ئەندام بەشداری پرۆسەکەیان کرد و دەرەنجامەکەی لەلایەن لیژنەی هەڵبژاردنەوە ڕاگەیەندرا ، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن پێکدێن لە :

١-نەوزاد بۆتانی سەرۆک

٢- بەهار سوڵتانیان سکرتێر

٣-جەلیل ئازادیخواز وتەبێژ

٤-خەسرەو ئەڵماسی لێپرسراوی پەیوەندیەکان

٥- سالار سیوەیلی لێپرسراوی دارایی

٦- ئومێد سیوەیلی لێپرسراوی ڕاگەیاندن

٧-کانی سابیر لێپرسراوی کارگێری

هاوڕێیان کە دڵسۆزانە ئەرکەکانیان بەجێ گەیاند بەپێی پلانی داڕێژراو بەرنامەکان جێ بەجێ کران ، کۆنفراسەکە ئەمانجەکانی خۆی بەدیهێنا ، سۆپاس و پێزانین بۆ تەواوی ئەندامانی هێژا ، هەموو ئەو بەرێزانەی هاوکار و یارمەتی دەرمان بوون بۆ بنیاتنانی ناوەندێکی کوردی لە خزمەت ڕەوەندی کوردی لە ئەمەریکا .

کۆتایی

سکرتاریەتی ناوەندی کوردانی ئەمەریکا